**سلێمانی: خاتوو سارا ڕەشید سەرۆکی ڕێکخراوی مندالْپارێزی کوردستان لە نمایشی پڕ ڕەنگی مندالْپارێزی کوردستان تیشک دەخاتە سەر چەند دەیەیەک لە کاریگەری و دونیابینی ڕێکخراو بۆ داهاتووی هەموو مندالْێک**


**خاتوو سارا ڕەشید "ڕێکخراوی مندالْپارێزی کوردستان تەنها ڕێکخراوێک نیە بەڵکو بزوتنەوەیەکە، خێزانێکە، روناکی یە، پێویستمان بەوەیە کە هەموو مندالْێک سەلامەت بێت و هەموو گەنجێک بەهرەمەند بێت و هەموو گەورەیەک بەشدار بێت بۆ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی میهرەبان"**

ڕێکخراوی مندالْپارێزی کوردستان – بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی

١٢ کانونی یەکەم ٢٠٢٤

سلێمانی/ عێراق، سارا ڕەشید سەرۆکی ڕێکخراوی مندالْپارێزی کوردستان دونیابینی ڕێکخراوەکەی بۆ داهاتوو خستەڕوو بە بەردەوام بوون لەسەر دەستکەوتە گرنگەکانی بۆ فراوانکردنی بواری چالاکی و پرۆژەکان و ئەنجامدانی کاری هاوبەشی نوێ، بە دڵنیاییەوە ئەمەش جێبەجێدەکرێت بە ڕەچاوکردنی پابەندبوونی مندالْپریزی کوردستان بە خزمەتکردن و پشتیوانیکردنی مندالاْن و گەنجان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراق و دەرەوەی عێراق.

بە ئامادەبوونی مندالاْن و گەنجان و خێزانەکان و میوانە بەڕێزەکان و هەروەها خانمی یەکەمی عێراق خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، خاتوو سارا ڕەشید لە نمایشی پڕ ڕەنگی مندالْپارێزی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد و تیشکی خستە سەر کار و پرۆژە گرنگەکانی مندالْپارێزی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا وەک دامەزراندنی یەکەمین نەخۆشخانەی دڵی مندالاْن و ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاری دەربارەی شێرپەنجەی مندالاْن و ڕاگەیاندنی هەڵمەتی" بەڵێ بۆ ژیان، نەخێر بۆ ماددەی هۆشبەر".




پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ٩٦٤٥٣٣٣٠١٠٤٠+
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیـڵ: press@ksc-kcf.org

ئەوەشی خستە ڕوو ئەو دەستکەوتانەی مندالْپارێزی کوردستان بەدەستی هێناوە دەگەڕێتەوە بۆ دڵسۆزی بەخشەرەکان و تاک و ئەو ڕێکخراوە خێرخوازییانەی هاوکاریان بوون.

**ڕایگەیاند:"**به بێ ئەوان ناتوانین هیچ کارێک ئەنجام بدەین و بە تەنها هیچ کارێک بکەین بە بێ بوونی هاوبەشەکانمان"

هەروەها سارا ڕەشید باسی پەیوەندی خۆی کرد لەگەڵ ڕێکخراوی مندالْپارێزی کوردستان و یادەوەری مندالْی خۆی گێڕایەوە لە کاتی بەشداری کردنی لە چالاکییەکانی کۆکردنەوەی کۆمەک لەگەڵ دایکیدا.

**وتی: "**بۆ من ئەمانە تەنها چالاکی ئاسایی نەبوون بەڵکو هەمووی وانەیەکی زۆرگرنگ بوون بۆم کە فێری میهرەبانی و خۆڕاگری و کاری بە کۆمەڵی کردم" بۆ ئەوەی ڕوون و ئاشکرا بێت کە ڕابەرایەتی کردنی ڕێکخراوی مندالْپارێزی کوردستان لە ڕێگەی ئەم ئەزموونە سەرەتاییانەی ژیانییەوە سەرچاوەیانگرتووە و هەروەها ئەم کارە ئاواتی ژیانی ئەو بووە.

بە ڕوانینە داهاتوو، پێناسەی مندالْپارێزی کرد وەک زیاتر لە ڕێکخراوێک وتی: بزوتنەوەیەکە، خێزانێکە، روناکی یە، پێویستمان بەوەیە کە هەموو مندالْێک سەلامەت بێت و هەموو گەنجێک بەهرەمەند بێت و هەموو گەورەیەک بەشدار بێت بۆ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی میهرەبان."

لە کۆتای نمایشەکەدا، سەرۆکی ڕێکخراوی مندالْپارێزی کوردستان گەشبینی و سوپاسی خۆی دەربڕی: " ئاستەنگەکان زۆرن بەڵام هیمەتەکانیش زۆرن. دڵنیام بەیەکەوە کاریگەریمان زیاتر دەبێت. سوپاس بۆ متمانەتان، بەهیوای ئێوارەیەکی خۆش بۆ هەموو لایەک.

درێژەی وتاری خاتوو سارا رەشید:

بەڕێز خانمی یەکەمی عێراق شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، مندالْە ئازیزەکان، خێزانە بەڕێزەکان هەموولایەکتان بەخێربێن.




پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ٩٦٤٥٣٣٠١٠٤٠+
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیــڵ: press@ksc-kcf.org

زۆر خۆشحاڵم کە ئەم ئێوارەیە لەم بۆنە خۆشەدا لەگەڵتانم و دەبینم هۆڵەکە پرە لە منداڵ و گەنج و گەورە کە هەموو لێرەن بۆ بینین و پاڵپشتی کردنی داهێنان.

وەک ئاشکرایە، ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان و سندوقی مندالانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ لەسەر دەستی دوو خانمی بەڕێز دامەزراوە، خاتوو هێرۆ و خاتوو شاناز، لەگەڵ چەند کەسێکی خۆبەخشی دڵسۆز کە هەندێکیان ئەمرۆ لەگەڵمانن وەک روناک خانی بەڕێز وە جێی هەندێکیان زۆر دیارە، ئەوان توانیان تۆو و هیوا وگۆرانکاری بچێنن لە کاتێکی زۆر پێویستدا.

دیدگاکانیان زۆر سادە بوون بەڵام زۆر قوڵ بوون ئامانجیان وابوو کە هەموو منداڵێک ئەبێت منداڵی خۆی ببینێت سەرەرای هەرچی بارودۆخێک

من لە تەمەنی ٤ ساڵییەوە لەگەڵ دایکم دەرۆشتم بۆ چالاکییەکان بەمەبەستی کۆمەک کۆکردنەوە بۆ مندالانی کوردستان کە بۆ من تەنها چالاکی ئاسایی نەبوون بەڵکو هەمووی وانەیەکی زۆر گرنگ بوون بۆم کە فێری میهرەبانی و خۆڕاگری و کاری بە کۆمەڵی کردم ئەمەوێ ئەوەشتان بۆ روون بکەمەوە کە تێکەڵ بوونی من لەم کارە بەڕێکەوت نەبووە جگە لە کاریگەری ئەو دووخانمە لەسەرم ئەم کارە ئاواتی ژیانمە.

ژیانی ئەکادیمی خۆمم بۆ ئەم بوارە تەرخان کردبوو وەک خوێندنی تەندروستی جیهانی و توێژینەوە لەسەر گەشەپێدان دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، لە هەر شوێنێک کارم کردبێت دڵم هەر لای منداڵپارێزی کوردستان بووە

بۆ یەکەمجاردەست بە کاربووم لەم رێکخراوە لە ساڵی ٢٠١٢ کە وەک خۆبەخش لە نەخۆشخانەی هیوا دەستمپێکرد، پاشان مامۆستای ئینگلیزی بووم لە کازیوەی سەرشەقام، قسەی خۆشمان بێت زۆر باشیش نەبووم. دواتر وەک سەرپەرشتیاری بەشی خزمەتگوزاری منالانی ئاوارە و پەنابەربووم لە کاتێکدا کە زیاتر لە ١.٢ ملیۆن ئاوارە هەبوون لێرە، وە نوێنەرایەتی کردنی ڕێکخراوەکەمان لە چالاکییە نێودەوڵەتییەکان.

ئەمرۆ وەک سەرۆکی منداڵپارێزی کوردستان هەست بەشانازییەکی زۆر دەکەم کە بەردەوامی بدەم بەو کارانەی کە دامەزرێنەرانی دەستیان پێکرد و هەموو هەوڵێک دەدەین کە پابەند بین بەو ڕێگایەی پێشتر کاری لەسەرکراوە بەڵام بە شێوازێکی نوێ هەتا باشتر بتوانین سەربکەوین بەسەرئاستەنگە نوێکاندا. لە ساڵانی پێشوو هەوڵمانداوە کە کارەکانمان ڕێک بخەین بەجۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ کێشەی سەردەمەکان و خزمەتگوزاری مندالان و گەنجان بەرەوپێشەوە بەرین لەوانەش کردنەوەی نەخۆشخانەی دڵی منالان و بەرنامەی هەڵمەتی نیشتیمانی (نا بۆ ماددەی هۆشبەر، بەڵێ بۆ ژیان ).

حەزم دەکەم لێرەدا ئاماژەبدەن بە چەند داتایەک:

- لە ساڵی ١٩٩١ هەتاوەکو ئێستا پرۆژەی گرتنەخۆی منداڵ بەردەوام بووە و ١١٩٣٠ منداڵ سوودمەند بوون.
- تەنها لە ٢٠٢٤ دا ١٧٢٦ منداڵ سوودمەند بوون لە خزمەتگوزارییەکانمان بۆ پاراستنی منداڵ و ٧٢٢ منداڵ سوودمەند بوون لە نەشتەرگەریی و پێداویستی پزیشکی.
- زیاترلە ٧٢٠٠ گەنج بەشداربوون لە پرۆژەکانی گەشەپێدانی توانای گەنجان و ٢١٠٠ منداڵ سوودیان بینیوە لە پرۆژە پەروەردەییەکانمان.

# بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی منداڵپارێزی کوردستان

ئەم ئامارانە تەنها نمونەیەکی بچوکن لە کارو چالاکییەکانمان.

زۆر کەس پرسیار دەکەن چۆن دەتوانین ئەم کارانە جێ بەجێ بکەین، ئایا پارە لە حکومەت وەردەگرین؟ نەخێر بەخشەری دڵسۆزی تاک و کۆمپانیا و ڕێکخراو، لێرە و لەدەرەوە پاڵپشتیمان دەکەن کە بە بێ ئەوان ناتوانین هیچ کارێک ئەنجام بدەین و بە تەنها هیچ کارێک بکەین بە بێ بوونی هاوبەشەکانمان

بۆ من ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان تەنها ڕێکخراوێک نیە بەڵکو بزوتنەوەیەکە، خێزانێکە، روناکی یە، پێویستمان بەوەیە کە هەموو منداڵێک سەلامەت بێت و هەموو گەنجێک بەهرەمەند بێت و هەموو گەورەیەک بەشدار بێت بۆ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی میهرەبان

ئەم ئێوارەیە گەشبینم بە بینی ئێوە و نەوەکانی داهاتوومان و دڵنیام بەیەکەوە کاریگەریمان زیاتر دەبێت هەر چەندە ئاستەنگەکان زۆرن بەڵام هیمەتەکانیش زۆرن.

سوپاس بۆ دەزگای میدیای کوردسات، سوپاس بۆ ئامادەبوونتان و بۆ متمانەتان.

بەهیوای ئێوارەیەکی خۆش بۆ هەموو لایەک.

**دەربارەی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان**

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە پێناوقازانجدا کارناکات، ڕێکخراوێکی سیاسی و حکومی و ئاینی نیە، بەبێ ڕەچاوکردنی نەژاد، ڕەگەز، پابەندییە ئاینی و سیاسیەکان یارمەتی پێشکەش بە منداڵان دەکات .
لە ئێستادا لە چوارچێوەی ٤ بەرنامەی سەرەکیدا کاردەکات ئەوانیش، پاراستنی منداڵ، تەندروستی، پەروەردە و پەرەپێدانی تواناکانی گەنجان و هەروەها فریاگوزاری لە کاتی کارەسات.
ئامانجی سەرەکیمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی باشترە لەڕێگەی چاککردن و دابینکردنی پێداویستی جۆراوجۆری ماددی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، و پەروەردەی .
ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و خانمی یەکەمی ئێستای عێراق خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد دامەزراوە.

**بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە:** press@ksc-kcf.org

**سۆشیال میدیا پلاتفۆرمەکان:**

https://www.ksc-kcf.org/

https://www.facebook.com/kurdistansavethechildren

https://www.instagram.com/kurdistansavethechildren/

https://www.linkedin.com/in/kurdistan-save-the-children/

https://twitter.com/KSC_KCF

https://www.youtube.com/@KurdistanSavetheChildren

پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ٠٧٧٠٣٣٣٠٤٠٤٩٦+
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیـڵ: press@ksc-kcf.org